بازرگانی نارەوا لەپێناو تێرکردنی گەل، چۆن لێکدەدرێتەوە؟

پەیداکردنی پارەو سەرمایە بۆ تێکردنی هەژاران و ئاسوودەکردنی نەتەوەکان، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتمەردان و سەرکردەکانی نەتەوەکانە، بەڵام ئەگەر سەرکردەو هێزێک ڕێگە و بازرگانی نارەوا بۆ تێکردنی نەتەوەکەی بگرێتە بەر چ پێوانەیەکی بۆ دەکرێ؟!

تا ئێستا هیچ یەک لە سەرکردەو لایەنە سیاسیەکانی جیهان باسیان لە بازرگانی نارەوا بۆ تێکردنی نەتەوەکانیان نەکردوە، چونکە کۆمەڵی نێونەتەوەیی قەدەغەی کردوەو بە تاوانی ناساندووە، هەرچەندە لە رابردوودا هەندێک گروپ و سەرکردە بەوە تۆمەتبارکراون کە بۆ وەدەستهێنانی پارەو سەرمایە بازرگانی نارەوایان کردوە، رووەکی خاشخاشیان راندوە و ئەفیون بەرهەمهێناوە، یان بارزگارنیان بە تریاک و هیرۆیینەوە کردوە، یان قاچاغچێتیان بە مرۆڤەکانەوە کردوە و رەوانەی هەندەرانیان کردوە! ئێستاش هەندێک گروپی وەک تالیبان لە ئەفغانستان، گروپی حۆثیەکان لە یەمەن و توندڕۆکان لە کۆڵۆمبیا بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە بازرگانی بە رووەکی خەشخاشەوە دەکەن و پارە کۆ دەکەنەوە، بەڵام لەو رۆژانەدا، **نزار عەلییێف**، یەکێک لە کاندیدەکانی قیرغیزستان بۆ سەرۆکایەتی راشکاوانە رایگەیاندووە کە ڕێگە خۆش دەکات تا دانیشتووانی وڵاتەکەی رووەکی خەشخاش بڕوێنن و خۆیانی پێدەوڵەمەند بکەن.

ئەو کاندیدەی سەرۆکایەتی قیرغیزستان دەزانێ کە ئەفیون لە رووەکی خاشخاش بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام ئەو پێیوایە کە ئەفیون سەرچاوەی داهاتەو هەژارانی وڵاتێکی ئاسیای نێوەڕاست پێی دەوڵەمەند دەبن.

پزیشکەکانی وڵاتی قیرغیزستان بە سەرچاوەکانی هەواڵیان راگەیاندووە کە نەخۆشخانەکان شوێنی تایبەتیان بۆ ئەو کەسانە تەرخان کردووە کە بە مادە هۆشبەرەکان گیرۆبوونە، هەروەها ئامادەیی تەواو بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەگیرێتە بەر.

گوتاری رووەنی ئەو کاندیدەو ئامادەیی پزیشکەکان بۆ ڕێگرتن لە گیرۆدەبوون و چارەسەرکردنی ئاڵودەبووەکان، پێمان دەڵێ کە هەژاری تەنگی بە خەڵک و دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتە هەڵچنیوە، بۆ تێرکردنی دانیشتووان ئامادەن هەموو ڕێگەیەک تاقی بکەنەوە.

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتی قیرغیزستان کە بڕیاروایە لە مانگی تەمموز بەڕێوە بچێ، کۆمەڵی نێودەوڵەتی رووبەڕووی پرسیار گەلێک دەکاتەوە، کە ئایا چۆن رەفتار لەگەڵ سەرۆکی وڵاتێک دەکرێ کە بۆ خۆی بانگەشەی چاندنی رووەکی خەشخاش دەکات.

ئایا وڵاتانی جیهان چۆن رەفتار لەگەڵ سەرۆکی وڵاتێکدا دەکەن کە بۆ

خۆی بانگەشەی چاندنی رووەکی خەشخاش بکات؟

ئەو سەرکردەیە گوتویەتی کە بیرۆکەی چاندنی رووەکی خەشخاش بیرۆکەیەکی شێتانە نیە، بەڵکو کارێکی مرۆڤدۆستانەیە، هەم هەژارانی وڵات لە برسێتی دەربازیان دەبێ، هەمیش بەرهەمی رووەکی خاشخاش بۆ چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی سوودی لێوەردەگیرێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێداویستییێکی سەردەمەو دەبێ هەنگاوی بۆ هەڵبگرینەوەر!!

ئەو کاندیدە کە دەیەوێ سەرۆکایەتی وڵاتێکی هەژاری وەک قیرغیزستان بکات، پێیوایە هیچ ڕێگەچارەیەک بۆ تێرکردنی نەتەوەکەی لەبەردەست دانیە، ئامانج لە چاندنی خاشخاش هاوکاری کردنی گەلێکی هەژارو برسی سەر گۆی زەویە کە جیهان ئاوڕی لێناداتەوە.

ئەفیون مادەیەکی هۆشبەرە، بەکارهێنانی قەدەغەیە، بەڵام بۆ کاری پزیشکی و بەمەبەستی چارەسەکردنی ئازار سوودی لێوەردەگیرێ.

هیرۆین و ئەفیون لە هەندێ وڵاتی وەک هیندستاندا لەژێر چاودێرییێکی توونددا بەمەبەستی پزیشکی بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام چاندن و راندن و بازرگانی پێوەکردنی بە یاسا قەدەغەکراوەو سەرپێچیکرانیش بە توندی سزا دەدرێن.

ئەفیون کە بەرهەمێکی نوێ و سەرنج راکێشەو داهاتێکی باشی لێوەدەست دێ، دەکرێ وەکو دەرمانی پزیشکی سەرمایەگوزاری لەسەر بکرێ. ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی دەرمانسازی سوودی لێوەردەگرن و بە شێوەی دەرمانی ئازارکوژ بەرهەمی دەهێنن، بەرچاوترینیان مۆرفینە.

هەندێک لە پزیشکەکان پێیانوایە رووەکی خاشخاش بۆ دەرمانی جوانکاری بێوێنەیە، بەوهۆیەوە ناکرێ پشت گوێ بخرێ، بەتایبەتیش ئێستا کە زۆربەی مرۆڤەکان بەتایبەتیش ژنان بایەخی تەواو بە جوانکاری دەدەن.

قیرغیزستان وڵاتێکی شاخاویە، پێنج ملیۆن مرۆڤ تێیدا دەژین، وڵاتێکی هەژارو بێ ئاژاوەیە، بەڵام لەوەتەی لە یەکێتی سۆڤیەت جیا بۆتەوە، لەسەروبەندی هەڵبژاردندا ورده گرژی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمجارەشیان خوازیارە کە روسیاو وڵاتانی ئەورووپا چاودێری بەسەر هەڵبژاردندا بکەن.

هەرچەندە کە نزار عەلییێف، ئەو کەسەی کە بەمەبەستی تێکردنی هەژارانی وڵاتەکەی بانگەشەی ڕێگەدان بە چاندنی رووەکی خەشخاش دەدات، چانسی گەیشتنی بە کورسی سەرۆکایەتی لاوازە، بەڵام دیسانیشەوە شتێکی سەرنجراکێشە کە کاندیدێکی سەرکۆماری بانگەشەی جاندنی رووەکی خەشخاش بکات، بە تایبەتیش لە وڵاتێکدا کە دانیشتوانەکەی موسڵمانن.

بانگەشەی ئەو کاندیدەی سەرۆکایەتی قیرغیزستان وەک بیرۆکەیەکی شەیتانی بۆ تێرکردنی گەل و نەتەوەکان پیوانەی بۆ دەکرێ، ئەگەر ئێستاش بەبایەخەوە گرنگی پێنەدرێ، لەوانەیە لە داهاتوودا لایەنگرانی زۆرتر بۆ خۆی بەیدا بکات.

بزووتنەوەی تالیبانی ئەفغانستان کە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی رەگئاژۆیە، نەک هەر ڕێگری لە راندنی رووەکی خاشخاش دا ناکات، بەڵکو هانی جووتیاران دەدات بەو مەرجەی کە بەکاری نەهێنن، رەوایە بیرۆیێن و بەرهەمی بهێنن.

ئەگەر ئامانجی سەرکردەو هێزەکان ئاسوودەیی و ژیانێکی باش بێت بۆ نەتەوەکانیان، ئایا سنوورەکانی بازرگانی نارەوا باریک نابن و ناپسێن؟!

هۆگر قەلادزەیی

ئێران بەهاوکاری کردنی دوژمنانی ئەمریکا تۆمەتبار دەکرێ!

هەندێک لە کاربەدەستانی ئەمریکا دەڵێن: 'وێرای ئەوەی کە کابینەی باراک ئۆباما نەرمی دەنوێنێ و هەوڵی دروست کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەدات، کەچی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنگ بە بەرژەوەندی ئەمریکا هەڵدەچنێ و دەیەوێ خێراتر هاوکاری دوژمنانی ئەمریکا بکات'

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران نایشارنەوەو لە گەمەی ئەمریکا نیگەرانن و ناتوانن باوەڕ بە بەڵێنەکانیان بکەن، ئەوەش وادەکات کە هاوپەیمانانی خۆیان لە ناوچەکەو جیهاندا لەبیر نەکەن و پەیوەندیەکانیان بەهێزتر بکەن.

هاوکاری و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سوریاو حزبوڵڵاو شیعەکانی عێراق، پەیوەندی پتەوی تاران لەگەڵ فەنزویلاو چیلی و کۆریای باکورو روسیا بەتەواوی کاربەدەستانی ئەمریکای هەراسان کردوە. بۆیە هەر ناوە ناوە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوکاریکردن لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکان و توندڕۆکان تۆمەتبار دەکەن، هەر کاتێک ئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپا پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ کاربەدەستانی ئێران درێژ دەکەن، یان بیانەوێ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە لیستی تیرۆریستان دەربهێنن، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران شێلگیرانەتر دەبێ، سەرسەخت و کەللە رەقانەتر رەفتار دەکات و بەتووندی وەڵامی داخوازیەکانی نێودەوڵەتی دەداتەوە.

لەو دواییانەدا پەیمانگەی واشنتن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک Washington Institute For Near East Policy کە لە لۆبی یەهودیەکانەوە نزیکە بابەتێکی لە رۆژی 30ی نیساندا بڵاو کردۆتەوەو رەخنەی لە کابینەی باراک ئۆباما گرتووە کە بۆچی نەرمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەنوێنێ، لەکاتێکدا کە ئێران درێژە بەهاوکاریکردنی نەیارانی ئەمریکا دەدات!

وتارەکە باس لەو کەشتیەی ئێران دەکات کە شوباتی رابردوو بەرەو سوریا دەڕۆیشت و لەلایەن قوبرسەوە بە گومانی چەک هەڵگرتنەوە راگیرابوو.

لەلایەکی دیکەشەوە زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی پارتی کۆماری ئەمریکا حەز بە پەیوەندی لەگەڵ تران ناکەن، چونکە شکستی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان بە کاری ئێران دادەنێن، پێیانوایە ئەگەر کۆمەکی ئێران بۆ گروپە توندڕۆکان نەبوایە، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان سەرکەوتوو دەبوون. بەوهۆیەشەوە هەموو ڕێگەیەک هەڵدەگرنەوە تا ئۆباما لە دروست کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکەوتوو نەبێ.

پەیمانگەی واشنتن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی سزاگەلێکی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، ئەرکی وڵاتانیشە کە پێبەندی ئەو بڕیارانە بن کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر ئێراندا سەپاندوویەتی، ئەویش خۆی لە هەناردەی چەک و دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکی دەبینێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پەیمانگەکە جەخت دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی حەماس دا دەکات، ئەو بزووتنەوەیەش کێشەو سەرئێشەی زۆری بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل دروست کردووە.

ماثیۆ لیڤیت کە لە پەیمانگەی واشتن کار دەکات و بابەتەکەی نووسیوە جەخت لەسەر ئەو لێدوانانەی کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا دەکاتەوە کە ئێرانی بە هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمنانی ئەمریکا تۆمەتبار دەکرد. لەو پێوەندەدا دەنووسێ کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبی بڕیارد قەدەگەکردنی هەناردەی چەک بۆ بزووتنەوەی حەماس لەسەر هەموو وڵاتان بسەپێنێ ، وڵاتانی ئەورووپاش پێنەبد بن بە نەفرۆشتی چەک بە کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەرچاوە: راپۆرتی واشنتن

مەهدی کەروبی و مافی نەتەوەی کورد



مەهدی کەروبی پاڵێوراوی ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەو سیمینارەکانی خۆیدا باس لە ماف و زمانی نەتەوەکانی ئێران دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە کە سەرنجی کورد و ئازەری و بەلوچ بەلای خۆیدا رابکێشێ.

مەهدی کەروبی کە خۆی بەکورد دەزانێ و ڕێبەری پارتی ئیعتیمادی میلیە رۆژی 11ی ئایار سەردانی شاری کرماشانی کردو لە زانستگەی رازی بۆ فێرخوازان و مۆستایان قسەی کرد و داوای کرد کە کوردەکان دەنگی بۆ بدەن، بەڵێنیشی دا کەئەگەر سەرکەوتن مسۆگەر بکات ڕێگەی نەتەوەکانی ئێران دەدات بە زمانی خۆیان بخوێنن.

مەهدی کەروبی پێشتر چەندین پۆستی باڵای لە کۆماری ئیسلامی ئێران بینیوە، بەڵام ئێستا رەوتی سیاسی گۆڕیوەو بەرەو ریفۆرمخوازی رۆیشتووە، پێیوایە کە سەردەمی هەڕەشەی دەرەکی لەسەر ئێران بەسەرچوە، کاتی ئەوە هاتووە کە ئێران بە رووی نەتەوەکانی ناوخۆیدا بکرێتەوەو مافی نەتەوەکان بسەڵمێنێ.

چاودێرانی سیاسی ئەو هەنگاوە بەئەرێنی دادەنێن و پێشیانوایە کە چانسی سەرکەوتن هەورازتر دەبات. بەتایبەتیش کە ئێستا ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز بۆتەوە، لاوان لە کۆچەو شەقامەکاندا بەدوای کاردا دەگەڕێن، ژنان و منداڵان پێویستیان بە بژێوی رۆژانە هەیە، هەربۆیەش لەکاتی سەردانی کەروبی بۆ کرماشان فێرخوازن دروشمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان بەرزکردبۆوە. هەندێک داوای ئازادکردنی گیراوەکانیان دەکرد، هەندێکی دیکە نارەزایی خۆیان لەبەرانبەر بێکاری دەردەبڕی و هەندێکی تر راشکاوانە داوای ئازادکردنی زمانی کوردیان دەکرد، لە پلاک کارتێکدا کە بەرووی کەروبی دا بەرزکرابۆوە نووسرابوو: ' زوانی کوردی ناسنامەی ئێمەیە' لە پلاک کارتێکی دیکەدا نووسرابوو: ' کرماشان گەورەترین قوربانی نەسل کوژی زمانی و فەرهەنگی'

بێگومان فێرخوازان دەیانزانی کە مەهدی کەروبی کوردەو بۆیە ئەو داوایەشیان لێی هەبوو، بەڵام ئایا ئەو سەردەکەوێ؟ ئەگەر سەر بکەوێ بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ دەکات؟

هەرچەندە کە لە مادەکانی 15 و 19ی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی مافی خوێندن بە نەتەوەکان دراوە، بەڵام ماوەی 30 ساڵە وەک مەرەکەب ماوەتەوەو جێبەجێ نەکراوە. هەندێک لەچاودێران پێیانوایە کە مەهدی کەروبی لە هەڵبژاردنی رابردوودا خۆی مە ستەم لێکراو دەزانی، پێیوابوو کە فێڵی لێکراوە دەنا ئەو دەنگی پێویستی هێناوە. ئەمەش وای لێکردوە کە جارێکی دیکە خۆی کاندید بکاتەوەو لە بانگەشەی هەڵبژاردندا سۆزی کوردو نەتەوەکانی دیکە بەلای خۆیدا رابکێشێ

ڕۆشنبیرانی کوردستان پێیانوایە ئەگەر سەریش بکەوێ هیچ لە بەڵێنەکانی جێبەجێ ناکات

ئازەر میهەندۆست